بۆ بەڕێز :سەرۆک بەرهەم ساڵح
سەرەکوەزیران موستەفا الکازمی

لە لایەن:  دەستپێشخەری هاوبەندی جڤاکی مەدەنی عێراقی ((ICSSI)) و ڕێکخراوی بوونیادنانی ئاشتی مەسیحی لە کوردستانی عێراق ((CPT-IK))
بەروار: ١ی مانگی ٩ی ٢٠٢٠

بابەت: پێویستی زوەکی بەرپرسانی فەرمی حکومەتی عێراق لە بەدەنگەوە هاتنی خەڵکی سڤیل کە ئازار و ناخۆشی بەرۆکی گرتوون بەهۆی بۆمبارانەکانی تورکیا و ئێران و ئۆپەراسیۆنی سەربازی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

بۆ نیشاندانی هاوبەندی خۆمان بۆ ئەو خێزانە عێراقییە مەدەنیانەی کە کوژراون، بریندارکراون، شوێنبەدەر بوون و سەرچاوەی بژێویان لەدەست داوە، ئێمە وەکو ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی، مافەکانی مرۆڤ و ئاشتیوانی کە واژۆکانمان هاوپێچی ئەو نامەیەیە، ئەو نامەیەتان بۆ دەنووسین تاوەکوو نیگەرانی خۆمان دەرببڕین لەهەمبەر بۆمبارانی بەردەوامی ناوچەی نیشتەجێبوونی خەڵکی مەدەنی و دواین چالاکی سەربازیی لە کوردستانی عێراق. داواتان لێ دەکەین، وەکوو سەرۆکوەزیران و سەرۆککۆماری عێراق ڕێبەرایەتیی بزاڤێک بکەن تاوەکوو چارەی ئەو شەڕە بکرێت بەشێوەیەکی ئاشتییانە و کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بهێنن لە ناوچەکە.

لە ١٥ و ١٧ی مانگی ٦ی ٢٠٢٠دا، دەزگەی فڕۆکەوانی و سەربازیی تورکیا ئۆپەراسیۆنێکیان لەژێر ناوی ((چنگی پڵنگ)) و ((چنگی هەڵۆ)) دەستپێکرد. بەو هۆیەشەوە، تاوەکوو ئێستە بەلایەنی کەمەوە ٨ کەسی سڤیل گیانیان لەدەست داوە و ٤ کەسی دیکەش بریندار‌بوون، بەهەمان شێوە گوندەکان خاپور بوون، زەوی کشتوکاڵی و ڕەزوباخ سووتاون، هەروەها بەسەدان خێزان شوێنبەدەر بوون.

ئەو وێرانکاری و کوشتارە تەنها تازەترین نموونەن لەو ئازار و ناخۆشیەی بەرۆکی خەڵکی گرتووە. بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لە لایەن ڕێکخراوی بوونیادنانی ئاشتی مەسیحییەوە خراونەتەڕوو، لە مانگی ٨ی ٢٠١٥ـەوە بەهۆی فڕۆکە سەربازییەکان، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، تۆپباران و گولەبارانی حکومەتی تورکیا بەلایەنی کەمەوە ٩٦ هاوڵاتی عێراقی کوژراون و زیاد لە ١٠١ کەسیش بریندار بوون. لەو ٩٦ کوژراون ١٨ کەسیان لە سەرەتای ٢٠٢٠دا کوژراون. هەروەها بەهۆی بۆمبارانەکانی حکومەتی ئێرانیشەوە سێ کەس کوژراون و نۆ کەسی دیکەش بریندار‌بوون.

ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستانی عێراق وای کردووە هەزاران گوند چۆڵ ببن، هەروەها سەلامەتی و لایەنی دارایی ئەو خێزانانەی کە بژێویان لەسەر کشتوکاڵ، بەخێوکردنی مەڕوماڵات و بازرگانی و وەبەرهێنانی بچوکە خستۆتە دۆخێکی خراپترەوە. ناتوانن زەوییەکانیان بەکار بهێنن یان سەردانی بکەن و ئەو خێزانانەش هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتیان نییە. زۆربەی خەڵک‌کەکوژراون یان بریندار‌بوون لەکاتێکدا سەرقاڵی دابینکردنی پێویستی سەرەتایی  بوون بۆ خێزانەکانیان.

وەکوو وەڵاتیانی عێراقی و ئەندامانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە کار دەکەین لەسەر مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی، ئێمە زۆر نیگەرانین لە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و کاریگەری لەسەر ژیان و بژێوی خەڵک لە خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

هەردوو حکومەتی تورکیا و ئێران پێشێلی سەروەری و خاکی عێراقیان کردووە. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە، ئێمە باوەڕمان وایە کە حکومەتی عێراق لەتوانایدایە و دەبێت کاردانەوەی هەبێت لەڕێی هەموو کەناڵە یاساییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماتییەکان.

داوامان وایە لە حکومەتی فێدراڵی عێراق بە کردە کار بکات، نەوەک بەتەنها لەڕێی بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، بەڵکوو لەڕێی دروستکردنی ستراتیژێکی ڕوون و دەستکردن بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا، ئێران و لایەنی دیکەی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی بۆمبارانەکان بوەستێنن و دڵنیابنەوە لەوەی ئاشتی لە هەرێمەکەدا فەراهەم بێت.

هەروەها، زانیاریمان هەیە دەربارەی بەرزبوونەوەی ژمارەی سەربازانی عێراقی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆیە داواتان لێ دەکەین کە ئاگەدار بن لە کاریگەریی نایەتی هەبوونی سەربازان لەسەر ژیان و بژێوی خەڵکی سڤیل لە ناوچەکە. ئەو بارەگە سەربازییانە، نویترینیان کە دروست کراوە بۆ دڵنیابوون لە مانەوەی زۆرەکی خەڵکی لەماڵەکانیان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، ئێستە ئاسایشی خەڵکی نێوەخۆیی ناوچەکەی و هاوسەنگی دارایی هەرێمەکەی کز کردوە .سەرەڕای بەڵێنی لابردنی بارەگە سەربازییەکان بەزووترین کات لە لایەن دەسەڵاتدارانی فەرمی هەرێمی کوردستانی عێراق، هیشتا ئەو کارەیان نەکردووە، هەروەها حکومەتی تورکیا ئێستە نیازی وایە بارەگەی سەبازیی نوێی دیکە بوونیاد بنێت، ئەوەش تووندوتیژی زیاتری لێ بەرهەم دێت. بەو هۆیەشەوە، ژمارەی گەشتیاران بە ڕێژەیەکی زۆر کەمی کردووە، کشتوکاڵ و بەخیوکردنی مەڕومالات و کۆکردنەوەی سەوزەی چیایی کە سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانی خەڵکن بۆتە کارێکی مەحاڵ. لەبەر ئەو هۆیانەشە، ئێمە باوەڕمان وایە نابێت سوپای عێراق بارەگەکانی لەنزیک گوندەکانەوە دابمەزرێنێت لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. دەبێت ڕۆڵی بەڕوونی دیاری بکرێت وەکوو پارێزەری خەڵکی سڤیل و بەهیچ شێوەیەکیش شەڕەکە زیاد نەکات.

لە چەند دەیەیی ڕابردوودا وێرانکاری زۆر ڕووی داوە، هەروەها خەڵکی سڤیلی زۆر کوژراون و برینداربوون لە کوردستانی عێراق. ئێمە داواتان لێ دەکەین، وەکوو ڕێبەرانی حکومەتی فێدراڵی عێراقی زەرەروزیانی کە بەهۆی بۆمبارانەکانی تورکیا و ئێران لە وەڵاتیانی سڤیل کەوتووە بناسێنن.

داوا لە حکومەتی فێدراڵی عێراق دەکەین کە قوربانییە مەدەنییەکان بناسێنێت و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانی عێراق هاوئاهەنگی بکات بۆ هاریکاریکری ئەوانەی زیانیان بەرکەووتووە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، هەروەها ئەو خەڵکانەشی کە شوێنبەدەر بوون .

ئێمە باوەڕمان وایە بەرپرسیاریێتی پاراستنی وەڵاتیانی سیڤیلی عێراق لە وێرانکاری بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربەزییەکان و کۆتایی هێنان بە کوشتنی وەڵاتی بێتاوان لە ئەستۆی ئێوەدایە .متمانەمان هەیە کە حکومەتی فێدراڵی عێراقی کار دەکات تاوەکوو کۆتایی بەو شەڕە بهێنێت بەشێوەیەکی ئاشتیانە تاوەکو ئاشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا فەراهەم بێت.

لەگەڵ ڕێزماندا،

**دەتوانن پەیوەندیمان پیوەبگرن لەڕێی**

ڕێکخراوی بوونیادنانی ئاشتی مەسیحی – کوردستانی عێراق
cptiraq@cpt.org
+964 770 2916487

دەستپێشخەری هاوبەندی جڤاکی مەدەنی عێراقی
icssi.project@gmail.com
+9647711402405

## واژۆکان

**کوردستان – عێراق**

کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی کوردستان

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی

ڕێکخراوی فیوچەر

ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی

ڕێکخراوی ئاویزە بۆ ڕۆشنبیری گشتی

ئینستتیۆتی ڕیفۆرم بۆ گەشەپێدان.

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لەمافی ڕۆژنامەنووسان

ڕێکخراوی ڕۆشنگەری بۆ پیادەکردنی دێمۆکراسی

ڕێکخراوی لێکۆڵینەوە و زانیاریەکانی جێندەر

ڕێکخراوی ئازادبوون بۆ تواناساز و تاگەرایی

ڕێکخراوی دابین بۆ مافەکانی مرۆڤ

سەنتەری باشور بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی

دەزگای ستاندارد

ڕێکخراوی سەنراێز

ڕێکخراوی سەوزی ئەوروپی کوردستانی

ڕێکخراوی لانەی منداڵانی کوردستان

دۆستانی ئاشتیوانی پرێسبیتاریان

دۆستانی ئاشتیوانی موسوڵمان

جڤاکی بەیەکەوەیی دابونەریتە جیاوازەکان.

پاریزەرانی ئاو لە عێراق

**عێراق**

مجلس شباب تكريت
منتدى تكريت الاجتماعي
المرصد العراقي للوقاية من التطرف العنيف
شبكة النساء العراقيات
منظمة نساء من اجل السلام
جمعية حماة نهر دجلة
الشبكة العراقية للأعلام المجتمعي

**ئەمریکا**

CODEPINK

Military Families Speak Out

September 11th Families for Peaceful Tomorrows

United for Peace and Justice

Voices for Creative Nonviolence

Western States Legal Foundation

**ئیتالیا**

Rete Kurdistan Italia

Centro Studi Sereno Regis Torino

Cultura e Libertà

CISDA- Coordinamento Italiano di Sostegno alle Donne Afghane

AOI - Associazione Organizzazioni Italiane di cooperazione e solidarietà internazionale

ARCI - Associazione Ricreativa e Culturale Italiana

COSPE

Rete della Pace

**ئیسپانیا**

International Institute for Nonviolent Action (NOVACT)

**نەرویج**

Norwegian Social Forum